بە ناوی کوردستانی گەورە !

# دەرسە مێژووییەکانی بەردەقارەمان بۆ ئەم هەلە ناسکە!

ح. س. سۆران. –تاران
soran909@hotmail.com

هەمیشە مێژو دووپاتە دەبێتەوە. لە رێبازی دووپاتەبوونەوەی مێژودا، ئەوگەلە سەرکەوتو دەبێ، کە بە وردی لە مێژو دەرس وەرگرێ و لەسەر کەلەوای تێشکانی رابوردو، کۆشکی تەیاری سەرکەوتن دروست بکا. جا، بەم پێیە، لەم بارودۆخە ناسکەی ئێستادا، پێوستە نەتەوەی کورد، بە گیانی دڵ گوێ لەدەرسە گرنگە مێژوییەکانی بەردە قارەمان وەرگرێ.

بۆ ئەوانەی کە باش نازانن بەردە قارەمان چیە، عەرزتان دەکەم :

بەردەقارەمان رەوەزە بەردێکی دیرۆکیە، لە چیایەکی کوردستانی خۆشەوت، لە دەربەندی بازیان، لە نزێک شاری سلێمانی، کە پاش لەت بوونی حکوومەتی عاسمانی و ... عوسمانی، لە کاتێکدا کە دەوڵەتانی هاوپەیمانی سەرکەوتوی جەنگی جیهانی هەوەڵ، بە سەرۆکایەتی دەوڵەتی ئینگلیس، هێرشیان هێنا بۆ کوردستانی داگیرکراوی عێراق، مەلیک مەحموود، پادشای هەمیشە زیندو و قارەمانی کوردستان، بۆ بەرەنگار بوونەوە لە گەڵ داگیرکەران، چو لە پشت ئەو رەوەزە بەردە سەنگەری گرت، تا لە شەرەف، کیان و سەربەخۆیی کوردستان و خەڵکەکەی پارێزگاری بکا، کە لەو سەنگەرەدا کاتی شەڕ، بریندار بو. خەباتی قارەمانانەی مەلیک مەحمەمودی کورد لەم مەتەرێزەدا، بو بە هۆی ئەوە کە ناوی ئەو بەردە بنێن بەردە قارەمان و لەو کاتەوە، ئەم بەردە بوە بە دروشمی خۆراگری گەلی کورد و وەک شتێکی هەرە پیرۆز، زۆر کەس لەتێک لەو بەردەیان، لە کن خۆیان راگرتوە، کە بە دروشمی خۆشەویستی کوردستان و خەبات و تیکۆشانی گەلی کوردی دەزانن - بۆوێنە لەتێکی بچووک، لەو بەردە پیرۆزە، وەک تەبەرروک ماڵە چکۆلەکەی ئیمەشی رازاندوەتەوە. جێی لێ نەبێ، حەجەرولئەسوەدی چی !

جا ئێستا، لەم هەلە هەرە مێژوییەدا، کە دیسان دەوڵەتانی هاوپەیمانی سەرکەوتو لە شکاندنی سەددامدا، بە سەرکردایەتی نیزامی دەوڵەتی ئامریکا و بە سەرۆکایەتی راستەقینەی رامیاری ئینگلیس، دیسان وان لە کوردستان، بەردە قارەمان چەند دەرسمان لە مێژو پێ دەڵێ، کە زۆر شیاوە هەمو کوردێک، بە تایبەت بەرپرسانی رێزداری گەلی کورد، گوێ لەم دەرسە بە نرخانە بگرن، تا کەوتن و تێشکانی گەلی کورد دووپاتە نەبێتەوە :

لەگەڵ رێزی بێبرانەوەم بۆ مەلیک مەحموودی خۆشەوییست , لێرەدا چەند خاڵی گرنگتان لە دەرسەکانی بەردە قارەمان بۆ دەگێرمەوە :

١. ئەگەر لە چوار چێوەی عێراقی پێشودا، دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد دروست نەبێ، دێمۆکراسی بە خەویش لەم هەرێمەدا نابینرێ.

٢. دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی نادێمۆکراتیک لەم هەرێمە، لە کوردستانێکی ژێر چەپۆکەو ناسەربەخوی دێمۆکراتیک بۆ کورد زۆر دێمۆکراتیکترو باشترە.

٣. کاتێک بارودۆخ وایە کە دەبێ لە نێوان نەتەوە و ئاییندا، یەکێکیان هەڵبژێرین، با نەتەوە هەڵبژێرین، چون ئایین سنوورێکی فیزیکی نیە.

٤. هەر کەس لە بەغداوە حکوومەت بە سەر کوردا بکا، دوای چەند ماوەیەک، هەر دەبێتەوە شتێکی وەک سەددام و مەددام.

٥. لە رۆژهەڵاتی ناوەراستی ئێستادا، بە تەجرەبە سەلماوە، ئۆتۆنۆمی، خودموختاری، حوکمی زاتی فێدێرالیزم و شتی وا موسەککینێکی هەرە سەرپۆرتن، نەک عیلاجی دە دەکورد.

٦. لەم چەشنە هەلومەرجانەدا، خۆشباوەری زور پر مەترسیە.

٧. برا لە پشت برا بێ، مەگەر بەڵا لە لای خودا بێ.

قسە هەزارە و یەکێکی بەکارە :

پێویستە هەمیشە یارمەتی ئەو وڵاتانەی کە لەچەند ساڵی پێشەوە تا ئەم چرکەساتە، بە چنگ و ددان کوردیان لە هێرشی درنج سەددام پاراستوە لە بیر نەکەین – بەڵام ئەمە نابێ ببێتە هۆی لە روودامان ودۆڕاندنی دۆزی کورد.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣

www.kurdistannet.org کوردستان نێت